# کاری حکومەتی کوردستان لە نێوان گێرە و بەڕێوەبردندا

لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانە لە سەر ڕووادەکەی هەڵەبجە و ئاکامەکانی:

مستەفا چوارتایی
chuartaiy@gmail.com

سەیر نەبێت لات، ئەگەر لە سێ بەشی لەدایکبووانی نەوەی نوێی شار بپرسیت، واتای گێرە نەزانێت، چونکە دروێنە و کێشەی نەکردووە و نەدیوە، تا بزانێت گێرە چییە؟ بەرپرسانی کورد بۆ هەر خۆپیشاندانێک کە خۆیان سازییان نەکردبێت و دژ بە گەندەڵییەکانی ئەوان بێت، یان داخوازییەکیان هەبێت و بە هەر هۆیەک بێت لە هێمنی دەربچن و توندوتیژی بنوێنن؛ گێرەشێوێنیان بۆ بەکار دێنن. دەکرێت بە ئارامی شێوێن یان نایاسایی ناو ببرێت، بەڵام نازانم ئەم ناوەی کە بۆ بەکارهێنانی سیاسیی ناگونجێت بۆ بەکاردێنن. خۆ نە کوردستان خەرمانە گێرەی لە سەر بکرێت و نە خەڵکی کوردستانیش کەر و گان بخولێنەوە و ئەگەر هەندێکیان لە گێرەکە دەرچوون بکرێن بە گێرە شێوێن و بە نەقیزە سزا بدرێن. خوازیارم لە بەرپرسانی کورد بە خۆیاندا بچنەوە و چیدی بە خۆپیشاندەران نەڵێن گێرەشێوێن.

دوای ڕووداوە دڵتەزێنەکەی 2006/3/16ی هەڵەبجە، دەیان وتار نووسران، هەر یەک لە ئاوازێک و بە لایەکدا دایدەشکاند، هەرچی لایەنی ڕاستەوخۆ و پێوەند بە کێشەکەوە کە یەکێتییە ئەوا سەداسەد ئەو خۆپیشاندانەی بە گێرەشێوێن و بەکرێگیراو و پیلانی دەرەکی ناوزەد دەکرد و لە سەر زاری بەرپرسانی پایەبڵندی ئەو حیزبەوە هەڕەشەو گوڕەشی زۆر لە ئەنجامدەرانی کرا و تا ئێستاش گرتنی بەشداربووانی ئەو خۆپیشاندانە بەردەوامە. پارتی ڕاستەوخۆ بۆ پاراستنی پێوەندی هەردوو حیزب و یەکگرتنەوەی حکومەت بێدەنگی نواند هەرچەند لایەنگرانی لە ژێر لێوەوە بزەیان لێوە دەهات کە یەکێتی تووشی تەنگژە هاتووە و خەڵک خۆپیشاندانی لێ دەکات، ئەوە حیزبە ئیسلامییەکان هەر مەپرسە شاگەشکە بوون و خەویان بە گەڕانەوە بۆ ئیمارەتی هەورامان و جوندولئیسلامەوە دەبینی، هەرچی (حککع)ەش بوو، داوای لە جەماوەر دەکرد ئیتر لەمەودوا هەموویان لەدەوری ئەو کۆببنەوە کە گوزارش لە ئاوات و خواستەکانیان دەکات!

هەڵەبجە نە دوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991 ی خەڵکی کوردستان، برینەکانی سارێژ بوو، نە دوای ڕووخانی سەددامیش، تا ئەو ڕۆژەی لە ژێر زەبری موجاهیدانی ئیسلامدا بوو، خەڵکی هەڵەبجە لە کەلاوەی وێران و تاریکی و بێ بەشی و بێ چارەییدا دەژیان و لە نێوان بەرداشی شەڕی ناوخۆی یەکێتی و پارتی و هێزە ئیسلامییەکاندا، دەهاڕدرا. دوای ڕووخانی سەددام و دەرهێنانی لە چنگی هێزە ئیسلامییەکان، کۆنترۆڵی ئەو شارە و بەڕێوەبردنی کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان(ئیدارەی سلێمانی) لەو ڕۆژەوە تا ئەو ڕۆژەی کە خۆپیشاندانەکە کراوە شتێکی ئەوتۆ بۆ خودی هەڵەبجە و خەڵکی ئەم شارە شەهیدپەروەرە نەکراوە، تاکە شتێک کە سیمای ئەو شارەبووبێت، مۆنیمێنتەکە و مەزاری شەهیدان بوو، بێ گوێدان بە کەس و کاری قوربانییەکان، تاکە کارێکی خزمەتگوزاری کە خەڵکی هەڵەبجە هیوایان

پێی هەبوو؛ پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە بوو کە دەبوو ڕێکخراوێکی ئەمریکیٔ پێی هەڵسێ، ئەویش نەکرا و ڕێکخراوەکە پەشیمان بووەوە. بەرپرسانی کوردیش ناو بەناو لەگەڵ وەفدی وڵاتان دەچوونە سەردانی مەزاری هەڵەبجە و مۆنیمێنتەکە و دواتر بێ تێکەڵبوون یان گوێگرتن لە ئێش و ئازارەکانی خەڵکی هەڵەبجە، بایبایان لێ دەکردن. دوای هەژدە ساڵ لە کارەساتی هەڵەبجە و دوای پازدە ساڵ لە ڕاپەڕین؛ هێشتا هەڵبەجە لە وێرانە دەچێت، نە جادەکانی چاککراون، نە ئاوەڕۆکانی نوێ کراونەتەوە و، نە خەڵکەکەشی قەرەبووکراونەتەوە!!
سەرکردایەتی کورد نەک هەر دەبوو خۆی چی لەدەس دێ بکایت بۆ خەڵکی هەڵەبجە، بەڵکوو دەبوو یەکەمین کاری ئەوەبێت، داوای قەرەبوو کردنەوە لە حکومەتی عێراق بکات، نەک لەو ڕۆژەی ئاساییش بەرگوللەیان دەدات؛ حکومەتی عێراق بڕیاری قەرەبووکردنەوەیەکی سووکانەی 500 خێزانی زیان لێکەوتووی ئەو شارە بدات!
ئەو خۆپیشاندانەی هەڵەبجە لە لایەن خوێندکاران و لاوانی نێوان 14 20 ساڵی ئەو شارەوە ڕێکخرابوو، لە وێنەکاندا دیارە کە هەموو هەرزەکار و لاوون، زۆر زووتر هوشدارییان دابوو کە وەک نارەزایی دەربڕینێک لەوەی گوێ لە خواستەکانیان ناگیرێت؛ نابێت ئەمساڵ بەرپرسانی حیزبەکان بێنە ئەم شارە. دەبوایە بەرپرسان زۆر زوو بچنە شارەکە و دڵیان بدەنەوە نەک حسابی سفریان بۆ بکەن، بەرپرسانی حکومەتی ئیدارەی سلێمانی و یەکێتی دەبوایە زۆر حەکیمانە کێشەکە چارەسەر بکەن، نەک لە ڕۆژی یەکەمەوە بە پیلانگێڕ و بەکرێگیرا و دەستی دەرەکی و جۆرەها ناو و ناتۆرە، ناوزەدییان بکەن، دەبوایە بەڕێز عیماد ئەحمەد لە جیاتی ئەوەی لە کورد ساتەوە بکەوێتە هەڕەشە و توورەیی نیشان بدات، بچێتە هەڵەبجە و پۆزش بۆ خەڵکی هەڵەبجە بهێنێتەوە، دواتریش بەڕیز مەلا بەختیار لە هەڵبەجەدا و لە بەردەمی مۆنیمێنتەکەدا، ئەوەندە بە حیرسەوە دەدوا، هاودژی لە وتەکانیدا درووست دەبوو، کاتێ دەیگوت: ئەگەر بزانین کێ و چ لایەنێکی لە پشتە، ئا لێرەدا دادگایی دەکەین و سزای دەدەین، سەیرە هێشتا لە دوابڕگەی ئەم وتەیە نەبۆوە و گوتی: جەماعەتێک گوتوویانە ئۆخەی ئەم دوومەڵەی سەر دڵمان نەما) جارێ دەیگوت ئەگەر بزانین، جارێک دەیگوت جەماعەتێک؛ بێئەوەی دیارییان بکات. ئەمە یەکەم خۆپیشاندان نەبوو کە لە دژی گەندەڵی و ئیدارەی یەکێتی بکرێت هەروەها چەند خۆپیشاندانێکی سنووردارایش لە ژێر دەرسەڵاتی پارتیدا کران، هەڵبەتە پێشتریش لە کەلار کرا و هەر بە تەقە وەڵامی خۆپیشاندەران درایەوە، خوێندکارانی کۆیە و بەشی ناوخۆیی سلێمانی هەروەها خوێندکارانی بەشی ناوخۆییش لە هەولێر و خەڵکی ئاکرێ لە دژی نەبوونی بەنزین و چەندرۆژێک لەمەوپێشیش لە زاخۆ لە دژی نەبوونی سووتەمەنی کرا. یەکێتی بە هەموو ئەو خۆپیشاندانانانەی لە ژێر دەسەڵاتیدا کراو گوتووە"گێرەشێوێن" بۆ یەک جاریش دانیان بەهەڵەی خۆیاندا نەناوە و پۆزشیان بۆ ئەو جەماوەرە نەهێناوەتەوە، ئەوەی ئێستاش یەکێتی لە بەرانبەر ڕووداوەکاندا دەیکات، یەکەم لایەن کە تییدا زەرەرمەند دەبێت خودی یەکێتییە، چونکە پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکان و شێواندن و بەکارهێنای زەبر و زەنگ گرتنی وێنەی قەڵبی دژە خۆپیشاندان و نیشاندانی بە تەلەفزیۆن، چارەی کێشەکان ناکات، ئایا لە کاتێکدا گەنجەکانی هەڵەبجە دەگیرێن و، هەڕەشەی حوکمی ئیعدامیان بۆ دەکرێت(1)،

(2)راپێچکردنی لایەنگرانی یەکێتی لە رانیە و قەڵادزە و سۆرانەوە بۆ هەڵەبجە و نیشاندانیان بە خەڵکی هەڵبجە نەک هەر چارەسەری کێشەکە ناکات بەکوو سووکایەتییەکە بە خەڵکی هەڵەبجە و حساب بۆ نەکردنیانە، دوورخستنەوەیانە لە یەکێتی، دەشێت یەکێتی سوودێکی ئیعلامی کاتی لێ ببینێت بۆ بەدرۆخستنەوەی نارەزاییەکانی خەڵکی هەڵەبجە و بە دەرەوەی هەڵەبجە بڵێت ئەها ئەمانە خەڵکی هەڵەبجەن و لەگەڵ یەکێتین و دژی ئەو خۆپیشاندانە بوون، ئەی ئەگەر سبەی جارێکی دیکە و توندتر خەڵک خۆپیشاندانیان ساز کرد؟ یەکێتی دەتوانێ بە زمانی شیرین، بە دیالۆگی هێمنانە و بە گوێگرتن لە خواستەکانی خەڵک، بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و خزمەتکردنی خەڵکی هەڵەبجە؛ هەموو هەڵەبجە بکات بە دۆست و لایەنگری خۆی، مرۆڤ کە گەییشتە رادەیەکی بێچارەیی بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، خۆی دەکوژێت، ئیدی نابێت سووتاندنی مۆنیمێنتەکە بکرێتە بیانوویەک بۆ کوشتنی چەندین لاوی خوێنگەرم و دڵپڕ، مۆنیمێنت درووست دەبێتەوە، ئەو لاوەی بە گوللەی ئاساییش رۆیشت ناگەرێتەوە. خەڵکی کوردستان دوای بەخشینی سەدان هەزار شەهید، چاوەڕوانی ئەوە ناکەن هەر کە خۆپیشاندانێکیان سازکرد، لەلایەن بەرپرسەکانی خۆیانەوە بدرێنە بەر گولله! ئایا بۆ هەر هەمیشە ئەوان تاوانبارن، ئێوە چ حکومەتێکن دوای 15 ساڵ تا ئێستا هێزێکی پۆلیسی مەشقپێکراوتان نییە بە دار و شووشە و دووکەڵ و ئاو بڵاوە بە خۆپیشاندەران بکات، چەند جوان دەبوو هێزێکی وا رێکخراو هەبا، ئایا بە ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، خۆ دنیاتان کردووە بە پۆلیس، بەڵام چ پۆلیسێک، رۆبۆتی کۆنترۆڵکراو، هەر کە خەڵک هاتە سەر جادە بەر گوللەی بدات! بۆ دەبێت دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانی کورد، هەر بە گولله بێت؟

ئەوەی دوێنێ لە کەلار و هەڵەبجە و کۆیە و ...رووی دا، کار بەم جۆرە بڕوات و ئێوەی بەرپرسانی حیزبی و حکومی هەرێمی کوردستان بەمجۆرە بەڕێوەبردنی کوردستان بە گێرە بزانن؛ دڵنیابن لە هەموو شارەکانی کوردستان روودەدات، سبەی کەسوکاری ئەنفالکراوانیش لێتان هەڵدەستن و رادەپەڕن، ئەی چی بەوان دەڵێن؟

بەندە دوور لە هەموو هەستێکی لایەنگیریی حیزبی و ناوچەگەری و، نزیک لە هەموو هەوڵێکی دڵسۆزانە و کوردایەتی، داوا دەکەم؛ گیراوەکانی هەڵەبجە ئازاد بکرێن و هەڕەشە و گوڕەشەی ئیعدامکردنیان وەلانێن، پۆزش بۆ خەڵکی هەڵەبجە بهێنرێتەوە و یەکێتی قەرەبوویان بکاتەوە و، ئەو قەرەبووکردنەوە کەم و سنووردارەی حکومەتی عێراقیش رەت بکرێتەوە.

**. گێرە: دروێنە(بڕین)ی گژوگیا یان گەنم و جۆیە و بە گواستنەوەکەی دەگوترێت"کێشە" دەبرێتە شوێنێکی تەختی ئامادەکراو پێی دەڵێن"خەرمان" کۆدەکرێتەوە و سەدان جار کەر و گای بەسەردا دەبرێت، تا ورد دەبێت.**

(1)**سووتێنەرانی مۆنیۆمێنتەکەی هەڵەبجە بە پێی یاسای سزادانی عێراقی حوکمی ئیعدامیان بۆ دەردەچێت**18:14 , Mar 25 2006] ..**پەیامنێر**

(2) **هەفتەنامەی جەماوەر ژمارە** 168 **رێکەوتی** 2006/3/27